شیعە و ڕاستکردنەوە

ململانێی نێوان شیعەو تەشەییوع



نووسینی:

موسا موسەوی

وەرگێڕانی:

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: شیعە و راستکردنەوە، ململانێی نێوان شیعەو تەشەپیوع
نووسینی: موسا موسەوی
وەرگێڕانی: ئاسۆ حەسەن
ژمارەی سپاردن: (٦٦٩) ساڵی (٢٠٠٨) بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانەی سلێمانی
ساڵی چاپ: ٢٠٠٨
نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

وتەبەگی پێویست

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، درووددو سەلام لەسەر پێغەمبەری خۆشەویست و خزم و یارو شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

ڕاستییەك هەیە لە ژیانی خەڵکی شارەدێیە، ئەویش ئەوەیە کە: پێویستی ڕاستەقینە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر ڕێبازێك دەبێ ڕاستی و دروستی ئەو ڕێبازە بێت ئەك سەرکەوتنی و گەیشتنیە دەسەلات چونکە مەرج نییە هەر ڕێبازێك ڕاست بوو سەرکەوێت یا هەر ڕێبازێك سەرکەوت ڕاست بێت.

هەر لەبەر شارەدێیی ئەم ڕاستییەیە کاتێك ڕێبازە چەوتەکان سەرکەوتن بەدەست دێنن خەڵکی دوایان دەکەون یان هەوڵی لاسایی کردنەوەیان دەدەن. ئووڕنەی بەرچەستەی ئەم قسەیە بڵاوبوونەوەی شیوعییەت بوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیاو ڕووکردنە مەزهەبی شیعە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و باوەش گرتنەوە بۆ هەوڵەمەو سیستمی دیموکراسی دوای سەرکەوتنی بلۆکی ڕۆژئاوا بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو ڕێبازانە.

ئێرەوە پێویست دەکات لە سەر پسپۆران و شارەزایان لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ئەو جۆرە ڕێبازو سیستمانە بۆ ئەوەی خەڵکی سادە بە بڕیق و ڕەونەقیان فریونەخۆن و هەڵنەخەڵەتێن.

هەر ئێرەشەوەیە کە ئەم نووسینەمان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە سەرکەوتنی شیعە لە ئێراندا هەڵنەخەڵەتێن وئەو سەرکەوتنە نەبەستن بە ڕاستی ئەو مەزهەبەوە بەڵکو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و لەسەر بناغەی ڕاستی و هەڵەیی هەڵوێستی لێوەرگرن نەك لەسەر بناغەی سەرکەوتن و سەر نەکەوتن.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

نەوەیش کە پاڵی پێوە نابین نەم کتێبە وەرگێڕینە سەر کوردی دووشت بوو:

یەکەم: ناشارەزایی موسوڵمانانی کوردستان بە مەزهەبی شیعە.

دووەم: چالاک بوونەوەی بانگخوازانی شیعە لە کوردستاندا بۆ باڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان.

ئێمەش لە پێگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خوا بە میللەتەکەمان هەستاین بە وەرگێڕانی نەم کتێبە بۆ کوردی بۆ نەوەی میللەتەکەمان بپارێزین لە مەترسی گەورتە داوی ڕێبازە ناڕاستەکانەوە.

نەم کتێبەی لە بەردەستدایە گرنگییەکەی لەوەدایە کە گەنجێکی شیعە نووسیویەتی، ڕاستە بۆ شیعە نووسیویەتی و نەو سەرچاوانەی پشتی پێ بەستووە سەرچاوەکانی شیعەن و خۆیشەر ناگای لە بەڵگەکانی نەهلی سوننە نابێت بەڵام هەر نەم خاڵەشە گرنگییەکەی دەردەخات نەویش بەوەی کە نەگەر بە سەرچاوەی شیعە ناڕاستی مەزهەبی شیعە دەرخرێت ناخۆ نەگەر گەنجێك بە شێوەیەکی زانستییانەو دوور لە دەمارگیری لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی سوننە و شیعەدابکات دەبێ چەند زووتر بگات بەم ڕاستییە.

خاڵێکی تر کە گرنگی نەم نووسینە دەردەخات نەوەیە کە شیعە خەڵکانی خۆیان بە شێوەیەك پەروەردە دەکەن کە بچووکەوە مەزهەبی لەگەڵ خوێنیاندا تێکەڵ بێت، لە ڕێگەی سۆزەوە دەچەقێنە مێشکیانەوە نەك لە مێشکەوە بۆ ناو دڵ، بەڕادەیەك کە دەست هەڵگرتنیان لە مەزهەب زۆر سەخت بێت و هەر گەنجێك نەو کارە بکات مانای وایە نەرکێکی زۆری کێشاوەو دوای ململانێ وزۆرانبازییەکی زۆر لە نێوان عەقڵ و دڵیدا یا ژیری وسۆزیدا گەیشتۆتە نەو بڕیارە کە دەتوانم بڵێم سەختترین بڕیارە.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

خالێکی تر بەپێویستی دەزانم لێرەدا باسی بکەم ناسانلی کتێبەکەیە:

نووسەر لەم کتێبەدا بە لۆژیکێکی زۆر بە هێز گفتوگۆی لە سەر مەسەلەکان کردووە بەتایبەت بابەتی پێشەوایەتی و جێنشینی، هەروەها وێنەیەکی زۆر جوانی کێشاوە بۆ کۆمەڵگەی پێغەمبەر لە ڕووی نازادی و سەربەستییەوە و جیاوازی خستۆتە نێوان لایەنی مرۆڤایەتی و لایەنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (د.خ) وە نێوان ئەو شتانەی کە جەزی پێغەمبەر بوون و ئەوانەی کە فەرمانی خوایی بوون و بە نیگا بۆی دادەبەزی و چەندین شتی تر .

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم کتێبە لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بۆ شیعە نووسراوە گۆڕینەوەی بۆ کوردی سەرنجگەلێکی زیاتری دەویست بۆ ئەوەی وێنەکە ڕوونتر بێت لەبەرچاوی خوێنەری کوردی سوننی مەزهەب کەشارەزاییەکی وای دەربارەی مەزهەبی شیعە نییە بۆیە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییانەمان لە دوای ئەم پێشەکییەوە نووسیوە و لە پەراوێزەکاندا هەندێك سەرنجی خۆمانمان نووسیوە بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە مەبەستەکانی نووسەر تێبگات.

واللە ولی التوفیق

وەرگێڕ

موحەڕەمی ١٤٢٩

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library